وە هەر شتێك بەسەر بەندەكان بێت لە موسیبەت و غەم وناخۆشی، ئەوە خوای گەورە نوسیویەتی، وە تووشی هیچ شتێك نابین بێجگە لەوەی كە خوای گەورە نوسیویەتی بۆمان وتەقدیری كردوە بە هۆی كردەوەكەیەوە، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ [الشورى :٣٠].

واتە: وە هەر ناخۆشی یەكتان تووش بووبێ ئەوە بەهۆی كردەوەی (خراپی) خۆتانەوەیە وە لە زۆرێكیش چاوپۆشی كردووە.

دەبێت بەندە رازی بێت بە قەدەر، وەهەوڵ بدات ئیشی چاكە ئەنجام بدات، وە رازی نەبوون بە موسیبەت، ئەوە موسیبەتەكە لانابات و نایگەڕێنێتەوە وپاداشتەكەشی لە دەست دەبات، هەر چۆن وتراوە: ئەگەر ئارامی بگریت ئەوە قەدەر بەسەرتا دەڕوات وپاداشت دەدرێتەوە، وە ئەگەر ئارامیش نەگریت ئەوە قەدەر بەسەرتا دەڕوات و گوناه باریش دەبیت.

وە لەگەڵ باوەڕ هێنان بە هەموو ئەوەی كە باسمان كرد، دەبێت كاروكردەوەی چاك ڕاستی ئەوە دەربخات. چونكە باوەڕ بریتیە لە ئۆقرە گرتن لە دڵدا ووتنی شایەتومان بەزومان، وكارپێكردنی بە ئەندامەكانی جەستـــە و لاشە.

وە باوەڕ زیاد دەكات بە گوێڕایەلی وتاعەت، وە كەم دەكات بە سەرپێچی وتاوان، وە ئەوەی نوێژ نەكات ئەوە باوەڕی نیە لە لای زۆرێك لە زانایان، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾[التوبة 11].

واتە: ئینجا ئەگەر پەشیمان بوونەوە و نوێژیان بەجێ هێنا و زەكاتیان دا ئەوە براتانن لە ئاییندا وە ئێمە بەڵگەكان ڕوون دەكەینەوە بۆ گەلێك كەدەیزانن.

وە خوای گەورە دەفەرموێت دەربارەی ئەهلی دۆزەخ كە كاتێك ئەهلی بەهەشت پرسیاریان لێ دەكەن بۆ چونە ناو دۆزەخ:

﴿قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ﴾ [ المدثر 43-46] .

واتا: ئەوانیش وتیان: ئێمە لە نوێژ كەران نەبووین. وە خۆراكمان نەدەدا بە هەژاران. وەڕۆ دەچووین لەگەڵ ئەوانەی كە ڕۆ دەچوون لە قسەی خراپەو بێ شەرعی دا. وە باوەڕمان بە ڕۆژی دوایی نەبوو.

وە هەندێ خەڵك هەن كەوا سوورن لەسەر ئەنجامدانی تاوانێك لە تاوانە گەورەكان، وە ئەگەر ئامۆژگاری بكەییت بۆ ئەوەی تەوبە بكات، پێت دەڵێت: برام من دڵم پاكە ونە حەسودی و نە غەشی تێدایە، وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: تەقوا وپارێزكاری ئا لێرەدایە، وە ئیشارەت بۆ سینگی دەكات. وە ئەم فەرمودەیە وەكو بەڵگەیەك دێنێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت كەوا ئیمانداریكی تەواوە و سووربوون لەسەر تاوان زیانی پێ نابەخشێت. ئەمەش هەڵەیەكی ئاشكرا ونەفامێكی گەورەیە؛ چونكە ئەوەی لە ناو دڵدایە بە كاروكردەوە ئاشكرا دەبێت. بۆیە ئەگەر یەكێك بانگەشەی ئەوەی كرد كەوا ئیمان وباوەڕی تەواو وبەهێزە وخوا وپێغەمبەرەكەی صلى الله عليه وسلم خۆش دەوێت، دەبێت شوێنەواری گوێڕایەڵی خوای گەورەی تێدا بەدی بكرێت، بەڵام ئەگەر

شوێنەواری تاوان و گوناهی تێدا بەدی کرا وبانگەشەی ئەوەش بکات کە خوای گەورەی خۆش دەوێت، ئەوە وەکو ووتەی ئەم شاعیرە وایە کە دەڵێت:

تعصى الإله وأنت تعلن حبه　　　هذا لعمري في القياس بديع

لو كان حبك صادقاً لأطعته　　　إن المحب لمن يحب مطيع

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناڵێین کەوا هیچ ئیمان وباوەڕی نەماوە، بەڵکو دەڵێین سەرپێچی وتاوان سەرەتای کوفرن، وە ئەوەی لەسەر یەکخواناسین بمرێت وسوور بێت لەسەر تاوان کردن ئەوە لە ژێر ویست ومەشیئەتی خوای گەورە دایە لە رۆژی قیامەت، ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت لێی خۆش دەبێت یان سزای دەدات و پاشان دەیخاتە بەهەشتەوە.

سەرچاوە/ کتێبی الایمان: حقیقتە – علاماتە – ثمراتە، لاپەڕە:9 تا 15.